Est.1994

# JCL

Journal of the College of Languages
Open Free Access, Peer Reviewed Research Journal
http://jcolang.uobaghdad.edu.iq

P-ISSN: 2074-9279
E-ISSN: 2520-3517
2022, No.(46)
Pg.338-367

# The Multifunctional Morphemes in Kurdish Language the Morpheme *Le* as an example

**Professor Shahab Tayib Taher, Ph.D.**
**E-mail:** shahab@uor.edu.krd
University of Raparin, College of Education, Department of Kurdish Language, Iraq

**Asst. Instructor Faisal Ghazi Muhammed, M. A.**
**E-mail:** faisal.ghazi@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
University of Baghdad, College of Education, Department of Kurdish Language, Iraq

**( Received on 16/3/2021 - Accepted on 2/5/2021 - Published on 1/6/2022 )**

**DOI: https://doi.org/10.36586/jcl.2.2022.0.46.0338**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License

## Abstract

Kurdish language multifunctional morphemes indicate the different functional morphological, syntactical, and semantic tasks of the morphemes. The present study discusses the multifunctional task of the Morpheme ***Le*** in Kurdish Language. The Morpheme ***Le*** has marginally been included in other studies, yet up to the present times, there has not been a research inclusively dedicated to thoroughly discuss and clarify its multifunctional aspects. The present study is divided into two chapters:

Chapter one discusses the theoretical aspect of chapter two that is entirely concerned with the practical aspect of the morpheme ***Le***. The first part of chapter one sheds light on the morphological aspect of the morpheme while part two discusses the concept of multifunction in Kurdish language including its concepts, types and characteristics.

Chapter two is concerned with the practical aspect of the morpheme. Part one of chapter two describes the morphemes’ morphological aspect and part two explains its syntactical aspects.
The conclusion sums up the study most important findings and the number of the academic references referred.

**Keywords**: (Multifunctional, Morpheme, Morphemes in Kurdish language, The Morpheme *Le*)

## فرەئەركی مۆرفیمەكان لە زمانی كوردیدا، مۆرفیمی (لە) بەنموونە

**پ.د.شهاب طیب طاهر**
زانكۆی ڕاپەڕین/ كۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی كوردی
**م.ی. فەیسەڵ غازی محەمەد**
زانكۆی بەغداد/ كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد
بەشی زمانی كوردی

**پوختەی توێژینەوەكە:**
توێژینەوەكە لەژێر ناونیشانی (فرەئەركی مۆرفیمەكان لە زمانی كوردیدا، مۆرفیمی (لە) بەنموونە)یە. ئەو ئەركانە دەخاتەڕوو كە مۆرفیمی (لە) دەیگێڕێت. ئەم كارە بۆ چەمكی فرەئەركی لە زمانی كوردیدا تەرخانكراوە، یەكێك لە مۆرفیمە پڕئەركەكان دەخاتەبەرباس، كە ئەویش مۆرفیمەكانی (لە)یە. مۆرفیمی (لە) لە سەرچاوەی جیاوازدا كەم و زۆر باسكراوە، بەڵام توێژینەوەیەكی تایبەتی سەربەخۆی لەسەر نەنووسراوە، نووسرابێتیش بە قووڵی نەچوونەتە بنج و بناوانی و بە تێروتەسەلی لێیان نەكۆڵیوەتەوە. لە هەندێ كاری زانستیدا باسكراوە، بەڵام كارەكە تەنها بۆ ئەو مۆرفیمە تەرخاننەكراوە، بەڵكو لە میانەی ئەو كارەدا، مۆرفیمی (لە)ش هاتۆتە بەرباسكردن.
لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، تا بكرێت باس لە هەموو لایەنەكانی مۆرفیمی (لە) بكرێت لە ڕووی وشەسازی و ڕستەسازی و تەنانەت لەڕووی واتاشەوە و ئەركە جیاجیاكانی دیاریبكرێت.
مۆرفیمی (لە) یەكێكە لە مۆرفیمە چالاكەكانی زمانی كوردی و لە زۆربەی ئاستەكانی زماندا ئەركی پێسپێردراوە.
گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، بە پوختی و تێروتەسەلی تیشك دەخاتەسەر ئەركە جیاجیاكانی مۆرفیمی (لە) لەڕووی وشەسازی و ڕستەسازی ...هوە،هتد.
سنووری توێژینەوەكەش لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا ئەنجامدراوە، جارجاریش پەنجە بۆ لایەنی واتاییش بردراوە.

لەم تـوێژینەوەیەدا ڕێبـازی وەسـفی شـیکاری-ڕەخنەیـی بەکارهـاتووە و نموونەکـان وەرگیـراون و شیکردنەوەیان بۆ کراوە و لەهەر شوێنێکیش هەڵە و کەموکووڕی بەدیکرابێ، سـەرنج و ڕەخنە لە بارەیانەوە تۆمارکراوە. توێژینەوەکە بۆ دوو بەش، دابەشکراوە:

**بەشـی یەکەم:** بـۆ هەنـدێ بـابەتی تیـۆری تەرخـانکراوە، کە پەیوەنـدی بە بەشـی دووەمـی تـوێژینەوەکەوە هەیە، وەک: (وشەسـازی و چەمکـی فرەئەرکـی لە زمـانی کوردیـدا). ئەم بەشـەش چەند ناونیشان و لقەناونیشانێک لەخۆدەگرێت.

**بەشـی دووەم**: بـۆ لایەنـی فرەئەرکـی مۆرفیمەکـانی (لە) لە زمـانی کوردیـدا، لە هەر دوو ئاسـتی وشەسـازی و ڕستەسـازیدا تەرخـانکراوە. ئەو ئەرکە جیاجیـانەی لەهەردوو ئاستەکەدا بینیویەتی بە یاسای و بە نموونەوە دیاریکراوە.

**<u>وشە کلیلییەکان</u>**: فرەئەرکی، مۆرفیم، مۆرفیمەکانی زمانی کوردی، مۆرفیمی لە

**بەشی یەکەم: وشەسازی و چەمکی فەرئەرکی لە زمانی کوردیدا**

**1-1-تەوەرەی یەکەم: لە لایەنەکانی وشەسازی لە زمانی کوردیدا:**

**1-1-1-وشەسازی لەڕووی زاراوەوە:**

زاراوەی وشەسـازی(**علـم الصـرف/Morphology**) لە زمـانی یۆنـانییەوە وەرگیـراوە، لە (**morph- شـێوە، فـۆرم**) و (**logos- زانسـت، لێکـۆڵینەوە**) پێکهـاتووە.(حـاجی مـارف، 1979، ل4)/ (Haji Marif, 1979, p.4). کەواتە مۆرفۆلۆژی، یـاخود وشەسـازی، لە وشـە ئەکۆڵێتەوە لەڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە- واتە ئەو وشـانەی لە زماندا هەن، بە چ یاسـایەک پێکهـاتوون و ئەو گۆڕانکارییانە چین، کە لەڕووی مێژووییەوە بەسەریانداهاتوون.

وشەسازیش یەکێکە لە ئاستە سەرەکییەکانی زمان و لەگەڵ ئاستی ڕستەسـازیدا ڕێزمـان پێکدێنن، بە ئاستی سێیەمی زمان دەژمێردرێ و کەوتوتە نێوان هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژی و ڕستەسازی.

وشەسازی لقێکی ڕێزمـانە و یەکێکە لە لێکۆڵینەوە زمـانەوانییە وەسفییەکان و لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخـانەی ڕۆنانکـاری سـەریهەڵدا. ئەو زانسـتەیە لە پێکهـاتنی نـاوەوەی وشـە و پـۆلێنکردنی مۆرفیمەکان و دەستنیشانکردنی پێکهاتە و ئەرکی دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەو یاسایانەی، کە وشـەی پـێ دروستدەکرێت، پاشان ڕیزکردن و ئەو گۆڕانکارییـانەی، کە بەهۆی ڕیزکـردنەوە دێتە ئـاراوە، لەم زانستە جەخت لەسەر مۆرف و وشە دەکرێت. (دزەیی، 2015، ل17)/ (Dizayi, 2015, p.17).

**1-1-2-وشەسازی تیۆری و کارەکی:**

ئەکرێت وشەسـازی وەک هەر زانسـتێک، لایەنـی تیـۆری و کـارەکی هەبێت. وشەسـازی تیـۆری ئەکرێت بەوە پێناسـە بکرێت، کە لەسـەرجەم ئەو لایەن و کەرەسـە و بـابەت و بـوارانەی تـایبەتن بە وشەسازی بەشێوەیەکی تیۆری دەکۆڵێتەوە. لە پێناسەکردنیان و ئەرک و جۆر و پەیوەندییان بە بوار و زانستەکانی ترەوە، بە تـایبەتی بوارەکـانی زمـانەوانی. لەبەرانبەر ئەوەشـدا وشەسـازی کـارەکی هەیە، ئەکرێـت بەوە پێناسـە بکـرێ، کە بەشـێوەیەکی کـارەکی لە بـابەت و کەرەسـە و بوارەکـانی وشەسـازی بەشـێوەیەکی کـارەکی دەکۆڵێتەوە، ئەویش لەڕێـی دیـاریکردنی یاسـا و نموونـە هێنـانەوە بەشـێوەیەکی کـارەکی و بـێ ئەوەی بچێتە قـوولایی لایەنـی تیـۆرییەکەیەوە، تەنهـا لە هەنـدێ حـاڵەت نەبێ، کە بابەتێک یان کەرەسەیەک ڕوونکردنەوەیەکی بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر بوێ.

هەردوو لایەنی وشەسازی **(تیۆری و کارەکی)** یەک لە یەک گرنگترن و چەندێک بایەخ بەلایەنی تیۆرییەکەی بدرێت، پێویستە دوو ئەوەندەش بایەخ بە لایەنی کارەکییەکەی بدرێت، لەبەرئەوەی وەرگرتن و فێربوون و ناسینەوەی کەرەسە و بابەتەکان لەڕێی کارەکییەوە زیاتر کاریگەرترە، وەک لەوەی ئەو کەرسە و بابەتانە بە تیۆری بخوێندرێت و بناسێندرێت. کەواتە دەکرێت بڵێین وەک چۆن فەرهەنگسازی و ڕستەسازی و ڕەخنە و ...هتد، لایەنی تیۆری و کارەکییان هەیە، دەکرێت وشەسازیش لایەنی تیۆری و کارەکی هەبێت و چ خوێنەر یان خوێندکارانی بەشە کوردییەکانی زانکۆ لەپاڵ لایەنە تیۆرەکەی، وەک بابەتێکی سەربەخۆش، لایەنە کارەکییەکەی بخوێنن، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا سوودێکی گەورەی بۆ زەمینە سازکردنی خوێندنی باڵا(ماستەر و دکتۆرا) دەبێت.

**3-1-1-ئامانجەکانی وشەسازی:**

وشەسازیش وەک هەموو زانستەکانی تر، چەند ئەرک و ئامانجێکی هەیە، لەوانە:

**1- دەستنیشانکردنی کەرەسە هەرە خاوەکانی وشەسازی زمانەکە کە مۆرفیمەکانێتی.**

ئەم دەستنیشانکردنە بۆئەوەیە، مۆرفیمەکانی زمانی کوردی بزانین و پۆلێنیان بکەین، وەک مۆرفیمی ئازاد و بەند بۆ نموونە.

**2- دەستنیشانکردنی یاساکانی دروستکردنی وشە:**

لێرەدا گرنگە شارەزای پێکهاتەی وشەکان و یاساکانی دروستبوونیان ببین، بۆ نموونە وشەیەکی وەکو (مەلەوانگە) دەبێ ئەو کەرەسە و مۆرفیمانەی لێی پێکهاتووە بناسینەوە. واتە مەبەست ئەو وشانەیە کە بە ڕێگەی لێکدان و داڕشتن پێکدێن. زانینی یاساکانی دروستبوونی وشە زۆر گرنگە، بۆئەوەی بتوانین بەپێی ئەو یاسایانە وشەی نوێ ڕۆبنێین بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵ.

**3- دەستنیشانکردنی ئەرکی وشەسازی لە کەرەستەکانی زماندا:**

لەبەرئەوەی هەر کەرستەیەکی زمان ئەرکێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە هەندێک لە کەرەستە ڕێزمانییەکان دوو ئەرکیان دەکەوێتە سەر، وەک:

- بەردێکم لە ئەحمەددا (لێدان).
- بەردێکم بە ئەحمەددا (پێدان)

لێرەدا مۆرفیمی ڕێزمانی (لە، بە) دوو ئەرکیان کەوتۆتە سەر، ئەرکی (واتایی و بەستن).

هەروەها مۆرفیمەکان، چ سەربەستبن، یان بەند، ئەرک و ڕۆڵی خۆیان دەبێت لە زماندا، بۆ نموونە مۆرفیم هەیە دەوری (بکەر) یان (بەرکار) دەبینێت، کە ئەوەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لە دەستنیشانکردنی واتای ڕستەکان و فراوانکردنی ڕستەکاندا هەیە. مۆرفیمەکان ئەرکیان گەیاندنی جۆرەها واتای گراماتیکە لە چوارچێوەی (فرێز) و (ڕستە) لە زمانی کوردیدا، بەشێوەی پاشگر و پێشگر و دەوری باڵا و گرنگ لە دەربڕینی ئەو چەشنە واتاییانە دەبینن.

**4- دیاریکردنی ئەلۆمۆرفەکانی زمان:**

ئەلۆمۆرف شێوە جیاجیاکانی هەمان مۆرفیمن، کە هەمان واتا و هەمان ئەرک دەگێڕن و هۆکارێک ئەو شێوە جیایەی پێدەبەخشێت و لە جێی یەکتریش بەکارنایەن. وەکو ئەلۆمۆرفەکانی نیشانەی ناسیاوی (ەکە) کە بریتین لە: (کە/یەکە، ەک، ک، ۆکە، ێکە...هتد). *لەبارەی ئەرک و*

*ئامانجەکانی وشەسازی، بڕوانە: (ئەمین، 2004، ل79)/ (Amin, 2004, p.79)، (شێخ تەیب، 2014، ل60-62)/ (Shaykh Tayyib, 2014, p. 60-62).*

**1-1-4-بەشەکانی ئاخاوتن:**

لەبەر پێویستی و لەپێناو تێگەیشتنی بەشی دووەمی توێژینەوەکە، وا بە پێویست دەزانرێت، هەندێ لە بەشەکانی ئاخاوتن، بە کورتی و پوختی باس بکرێن و پێناسەبکرێن. بەشەکانی ئاخاوتن، باسی هەرە سەرەکی وشەسازین و لە لێکدانەوەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە باسی ڕێزمانی هەموو زمانێک دەستپێدەکات.

لەبەر ڕووناکیی ڕێزمانی ئینگلیزیدا نووسەرانی کورد هەشت بەشە ئاخاوتنیان دیاریکردووە: **(1- ناو، 2- ئاوەڵناو، 3- جێناو، 4- کردار/چاوگ، 5- ئاوەڵکردار، 6- پێشبەند، 7- ئامرازی پێوەندی، 8- ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن).**

هەرچی ئەو نووسەرانەی کە سوودیان لە ڕێزمانی ڕووسی وەرگرتووە، دە بەشە ئاخاوتنی: **(1- ناو، 2- ئاوەڵناو، 3- جێناو، 4- ژمارە، 5- کردار/چاوگ، 6- ئاوەڵکردار، 7- پێشبەند، 8- ئامرازی پێوەندی، 9- ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن، 10- پارتیکڵ).** (حاجی مارف، 2004، ل70- 72)/ (Haji Marif, 2004, p.70- 72).

ئەو دە بەشە ئاخاوتنە دابەش دەبێتە سەر وشەی (تەواو و ناتەواو) یان وشەی (فەرهەنگی) و (ئەرکی) یان وشەی (سەربەخۆ و ناسەربەخۆ).

**(1- ناو، 2- ئاوەڵناو، 3- جێناو، 4- ژمارە، 5- کردار/چاوگ، 6- ئاوەڵکردار).** ئەم شەشەیان وشەی (تەواو، فەرهەنگی، سەربەخۆ)ن.

**(1- پێشبەند، 2- ئامرازی پێوەندی، 3- ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن، 4- پارتیکڵ)**، ئەم چوارەیان وشەی (ناتەواو، ئەرکی، ناسەربەخۆ)ن.

بەشەکانی ئاخاوتن لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دابەش دەبنە سەر وشەی (فەرهەنگی) و (ئەرکی)، کە بە پێویست دەزانرێت لێرەدا، پێناسەیەکی ئەو دوو جۆرە بکرێت:

**1-1-5-وشەی فەرهەنگی(Lexical words):**

وشەی فەرهەنگی، ئەو وشانەن، کە جێگیرن و واتایەکی فەرهەنگی ڕوونیان هەیە. بەم پێیە وشە فەرهەنگییەکان دەچنە ناو فەرهەنگ و لەناو فەرهەنگەکاندا واتایان لێکدەدرێتەوە و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پیشاندەدرێن و واتاکانیشیان جێگیر و دیارە، وەک: (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار، ژمارە...).

**1-1-6-وشەی ئەرکی(Function words):**

وشەی ئەرکی، وشەیەکە واتای فەرهەنگی نییە، ئەرکەکەیان تەنها بۆ دەربڕینی پەیوەندییەکی ڕێزمانییە. واتە وشەکان لە خودی خۆیاندا واتایان نییە، بەڵکو ئەرکیان هەیە، ئەم ئەرکەش پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی سیستەمی لە نێو کەرەسەکانی ڕستەدا ڕێکدەخات. هەر بۆیەشە وشە ئەرکییەکان واتای فەرهەنگی ئاشکرایان نییە، یان چەمکێکی یەکگرتووی ڕوونیان پێکەوە نییە.واتایەکی ڕوون و ئاشکرا بە تەنیا نادەن بە دەستەوە، واتە لە دەرەوەی ڕستەدا ناتوانن واتایەکی ئەوتۆ بگەیەنن، کە تێگەیشتنی هەبێت، لەبەرئەوەی وشەی ئەرکی لە بنچینەدا ئەرکی ڕێزمانیان

هەیە، یاخود، پەیوەندییەکی لۆجیکیان بە ڕستەوە هەیە. هەروەها هەریەک لە وشە ئەرکییەکان واتا لەگەڵ کەرەسەی تر بە دەستەوە دەدەن. وشە ئەرکییەکان ئەمانەن:

1- پێشبەند

2- ئامرازی پەیوەندی

3- ئامرازی سەرسووڕمان و بانگکردن

4- جێناوەکان(جێناوی کەسی سەربەخۆ وەک وشەی فەرهەنگی دادەنرێت، لەبەرئەوەی واتای ئاشکراو و ڕوونی هەیە). (محەمەدئەمین، 2016، ل20)/ (Mohammedamin, 2016, p.20).

پاش ئەوەی بەشەکانی ئاخاوتن دیاریکرا و وشەی فەرهەنگی و ئەرکیش ڕوونکرانەوە، وا بە باش دەزانرێت پێناسەی هەندێ لە بەشەکانی ئاخاوتن بخەینەڕوو، لەبەرئەوەی پەیوەندییان بە بەشی دووەمەوە هەیە، هەروەها دەبێتە بەرچاووڕوونییەک بۆ خوێنەر. لەبەرئەوەی بەشی دووەم زیاتر جەخت دەکاتە سەر لایەنی کارەکی مۆرفیمی (لە) و ڕۆڵ و ئەرکی لە پێکهێنانی کەرەسەی جیاجیادا لەبواری وشەسازی و ڕستەسازی و تەنانەت لایەنی واتاییش.

**1-1-7-ناو:**

ئەو بەشەی ئاخاوتنەیە، کە ناوی گیاندارێک، یان بێ گیانێک، یان کارێک، یان بیرێک، دیاریدەکات. لەڕووی پێکهاتنەوەش ناو دابەش دەبێتە سەر (سادە، داڕێژراو، لێکدراو).

**1-1-7-1-ناوی داڕێژراو:**

ناوی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا بە زۆری بە یارمەتی پاشگر پێکدێ و هەندێ پێشگریش هەن، کە پێکدێنێ بەڵام کەمن. بۆ ڕۆنانی ناوی داڕێژراو نزیکەی 70-80 پاشگر و 5- 6 پێشگر هەن، کە دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)ی سادە و دەیکەنە ناوی داڕێژراو.

**1-1-7-2-ناوی لێکدراو:**

ئەو ناوانەیە، کە بە لای کەمەوە دەبێ دوو وشەی واتادار لە پێکهێنانیدا بەشداربیکات. بۆ ڕۆنانی ناوی لێکدراوی پازدە ڕێگە هەیە.

**1-1-8-ئاوەڵناو:**

وەک بەشە ئاخاوتنێک، واتای چۆنێتی و خاسییەت و نیشانە ڕادەگەیێنێ. لە ئاوەڵناودا ئەم ڕاگەیاندنە، چ لە بەکارهێنانی ڕستەسازی و چ لە تایبەتێتی وشەسازیدا ڕوون ئاشکرا بە دیاردەکەوێ. لە باری وشەسازییەوە ئاوەڵناو لەچاو ناودا لە بوونی فۆرمی هەمەچەشندە هەژارە. ئاوەڵناو وەک ناو خاوەنی دۆخ و ڕەگەز و ژمارە نییە، بەڵام خاوەنی پلەیە، کە لە هەموو بەشەکانی ئاخاوتنی ترییەوە جیادەکاتەوە. لە ڕووی ڕۆنانەوە ئاوەڵناوی (داڕێژراو و لێکدراو) هەیە، لەڕووی واتاوە ئاوەڵناوی (چۆنێتی، نادیاری دیاریکردن و جیاکردنەوە، ڕێژەیی(نسبی))ی هەیە.

**1-1-8-1-ئاوەڵناوی داڕێژراو:**

لە وشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگرێک، یاخود پاشگرێک دروستدەبێت. هەندێ پێشگر و پاشگر هەن، کە دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)ی سادە و ئاوەڵناوی داڕێژراو سازدەکەن.

**1-1-8-2-ئاوەڵناوی لێکدراو:**

ئاوەڵناوی لێکدراو، ئەو ئاوەڵناوانەن، کە بەلای کەمەوە دوو وشەی واتادار لە پێکهێنانیدا بەشداربکەن و، ڕێگەی جۆراوجۆریش بۆ سازدانی هەیە.

**1-1-9-جێناو:**

جێناو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە و ئیشارەت بۆ دەلالەت و ماددە دەکا، بەڵام ناویان نابا...جێناوی کەسی پێوەندیی کەس بەرانبەر بە قسەکەر و بەشداریکەری قسە نیشاندەدا. بەر لە هەرشت تایبەتێتی واتای جێناو لەوەدایە، کەوا نەک تەنیا واتای کەس و شت و چۆنێتی و چەندێتی نیشاندەدا، بەڵکو پێوەندییان لەگەڵ شت و چۆنێتی و چەندێتیشدا ڕادەگەیەنێ و خاسەیەتیان لە ڕووی ئەو پێوەندییەوە دیاریدەکا. لەڕووی واتاوە ئەم جۆرانەی جێناو هەیە: (کەسی: جودا و لکاو، خۆیی، نیشانە، پرسیار، چەندێتی، هەیی، نەفی، هاوبەشی، دیار، نادیار). (حاجی مارف، 2004، ل128-146)/ (Haji Marif, 2004, p.128- 146).

**1-1-10-ئاوەڵکردار:**

وەک بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن لەسەر بناغەی خاسیەتی وشەسازی و ئەرکی ڕستەسازی و واتاناسییەوە جیادەکرێتەوە. ئەو بەشە ئاخاوتنەیە، کە باردۆخ و شێوەی ڕوودان و جۆری چۆنێتی نیشان دەدا.... لە ڕووی ڕۆنانەوە ئەبێتە ئاوەڵکرداری (داڕێژراو و لێکدراو و دەستەواژەیی). کە لەڕێی پێشگر و پاشگر، یان پێشگر و پاشگر پێکەوە پێکدێت، هەروەها لەڕێی پێشبەند و پێشبەند و پاشبەند پێکەوە ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی دروستدەبێت.

لە ڕووی واتاوە ئەم جۆر ئاوەڵکردارانە هەن، ئاوەڵکرداری: (ئاوەڵناوی، جەختکردنەوە، چەندێتی، چۆنێتی، دووبارەکردنەوە، ژمارەیی، شوێن،شێوە یان جۆری جێبەجێبوون، کات، کرداری، ناوی، نەفی، هۆومەبەست).

**1-1-10-1-ئاوەڵکرداری داڕێژراو:**

بەهۆی پێشگر یان پاشگر لەگەڵ وشەیەکی واتادار ئاوەڵکرداری داڕێژراو دروستدەبێت.

**1-1-10-2-ئاوەڵکرداری لێکدراو:**

ئەو ئاوەڵکردارەیە بە لایەنی کەمەوە دەبێ دوو وشەی واتاداری تێدابێت. ڕ ێگەی جیاجیا بۆ سازدانی هەیە.

**1-1-11-چاوگ:**

چاوگ یان فۆرمی دیارنەخراو ئەگەرچی پێکهاتن و تایبەتێتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەر بە فۆرمە گەردان نەکراوەکانی کردارە و واتای ڕوودان ڕادەگەیەنێ، بێ ئەوەی ئیشارەت بۆپێوەندێتی بە ڕێژە یان کات یان کەس یان ژمارەوە بکات. لەم ڕووەوە چاوگ وەک ناوی مەعنەوی لە کارادایە، بەڵام ئەم پرۆتسێس نیشاندەدا و هەرچی ناویشە شت دیاریدەکات. چاوگ لە زمانی کوردیدا کۆتایی بە دەنگی (ن) دێت، بەو (ن)ەش دەوترێت (ن)ی چاوگ. (حاجی مارف، 2004، ل146- 151)/ (Haji Marif, 2004, p.146- 151). لە پێش ئەو (ن)ی چاوگەش، (ا، وو، ی، د، ت) دێت، ئەوانەش پێیان ئەوترێت چاوگی (ئەلفی) و (واوی) و (یائی) و (دالی) و (ت)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێج جۆری چاوگ لە زمانی کوردیدا، کە (ن)ی چاوگیمان لەوانە کردەوە، ئەوەی ئەمێنێ پێی ئەوترێت (قەد) – واتە قەدی ڕابردوو. ئەو(ا، وو، ی، د، ت) نیشانەی کاتی ڕابردوون و مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین.

**1-1-12-ژمارە:**

ژمارە چ بەتەنیا وەکو مۆرفیمێکی سەربەخۆ، چ لەگەڵ مۆرفیمی وشەدارێژ، کە وشەی دارێژراو سازدەکات، چ لەگەڵ وشەی تردا، کە وشەی لێکدراو دروستدەکات، بۆ ناونانی شت، یا بۆ ناونانی شوێنی جوگرافی بەکاردەهێنرێت و وەکو ناوێک لەناو ڕستەدا ئەرک دەبینن. (ڕەسووڵ، 2012، ل84)/ (Rasool, 2012, p.84).

ژمارە سەر بە بەشەکانی ئاخاوتنە و ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە وا ئەرکی تەجریدی ناوی ژمارە (دوو + سێ= پێنج) دەگەیەنێ، یان چەندێتی بەسەریەکەوە (هەشت کراس)، یاخود کەرتێکی شتی دیاریکراوی هاوڕەگەز (سێ یەکی گەنمەکە) نیشاندەدات. پلەی شتێک لە ڕێزدا (نهۆمی سێیەم) دیاریدەکا. ژمارە وەک بەشە ئاخاوتنێک خاوەنی خاسیەتی واتای ژمارەیە بە گشتی، کە وەک دیارەدەیێک تایبەتی – واتە وەک ژمارە بەتەنیا یان ژمارەی شتێک...واتای گشتی ئەم بەشە ئاخاوتنە لە خاسیەتی ڕێزمانیدا ڕەنگدەداتەوە. *بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ژمارەوە، بڕوانە: (حاجی مارف، 2004، ل245- 254)/ (Haji Marif, 2004, p.245- 254).*

**1-1-12-1-ژمارەی دارێژراو:**

هەموو ئەو ژمارانە دەگرێتەوە، کە لە ژمارەیەکی بنجی سادە و مۆرفیمێکی وشەدارێژی لەشێوەی پاشگر پێکهاتوون و ژمارەی ژمارە دارێژراوەکان زۆر کەمن.

**1-1-12-2-ژمارەی لێکدراو:**

هەموو ئەو ژمارانە دەگرێتەوە، کە لە دوو ژمارەی بنجی یا زیاتر پێکهاتوون. واتە هەموو ئەو ژمارە ناسادانە دەگرێتەوە، کە دوو بنەما یا دوو ڕەگی ژمارەیی یا زیاتریان هەیە. (ڕەسووڵ، 2012، ل107)/ (Rasool, 2012, p.107).

**1-1-13- کردار (Verb):**

دەربڕینە بۆ ڕوودانی کارێک لە کات و شوێنێکی تایبەتیدا. (دزەیی، 2015، ل82)/ (Dizayi, 2015, p.82). کردار بەشێکی گرنگی ئاخاوتنە و چ بە چەندێتی و چ لە دەور و چالاکیدا دیار و بەرچاوە.

کردار لە زمانی کوردیدا خاوەنی تایبەتێتی حاڵەتی کەس(یەکەم، دووەم، سێیەم) ژمارەی (تاک،کۆ)، کات (ڕانەبردوو: ئێستا، ئایندە، ڕابردوو:نزیک، بەردەوام، تەواو، دوور)، ڕێژە: (هەواڵی، دانانی، داخوازی)، ئەرێتی و نەرێتی، تێپەڕی و تێنەپەڕێتی، کارا دیاری و کارا بزری، سادەیی و ناسادەیی (دارێژراو، لێکدراو)، ڕەگ، قەدە.

**1-2-تەوەرەی دووەم: فرەئەرکی و تایبەتمەندی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردیدا:**

**1-2-1-فرەئەرکی:**

زاراوەی فرەئەرکی بەرانبەر بە (Frequency)، یان (Multi functional)ی ئینگلیزی، کە بە (التعدد الوظیفي)ی عەرەبی دێت.(Multi ) بە واتای (زۆر، فرە) دێت، لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە،(Multus) بە واتای (زۆر، فرە، هەمەجۆر) هاتووە، (function) بە واتای (ئەرک، کاردەکات، ئەرکی وایە)دا دێت. (functional) بە واتای (ئەرکی، کارەکی) دێت. (حەمەدئەمین، 2014، ل1)/ (Hamadamin, 2014, p.1). کەواتە لەو ڕوونکردنەوەی سەرەوە، دەگەینەئەوەی

، کە چەمکـی فرەئەرکـی ئەوە ڕوونـدەکاتەوە، کە کەرەسـەیەک، یـاخود دانەیەک، یـان یەکەیەکـی زمـانی ئەرکـی جۆراوجۆر ببینـێ و بەشـداری لە وشـەپێکهێنان و یەکە ڕستەسـازیی و واتاییەکـانی زمان بکات.

دیـاردەی فرئەرکـی لە زمـانی کوردیـدا، دەبێتە هۆکارێـک بـۆ شـارەزابوون و ناسـینەوەی ئەرکە جیاجیاکانی سـەرجەم ئەو مۆرفیمـانەی، کە لە ئەرکـی زیـاتری هەیە و ڕۆڵێکـی سـەرەکی و گرنـگ لەبەرەو پێشچوون و ئاسانکردنی زماندا دەبینن. نموونە و بەڵگەکـان ئەوە دەردەخەن، کە لە زمـانی کوردیــدا زۆربەی هەرە زۆری مۆرفیمەکــان (ئــازاد و بەنــد)ەکان فــرەئەرکن و بــوونەتە هــۆی دەوڵەمەندکردنی زمانەکە و دیاریکردنی حاڵەتە ڕێزمانییە جیاجیاکان.

مۆرفیمەکانی زمانی کوردی، چ مۆرفیمی ئـازاد و چ مۆرفیمە بەنـدەکان، بەپێـی سروشـتی زمـانی کوردی و تایبتییەکانییەوە زۆربەی هەرەزۆریـان فرەئەرک و پڕبەرهەمن. هەیـانە زۆر چـالاکن لە ڕاپەڕانـدنی کـارە وشـەسـازییەکان و هەشـیانە سسـتن و کەم توانـان، مـۆرفیمی وا هەیە لە ئاسـتێکی دیـــاریکراودا زۆر چالاکـــانە کاردەکـــات، بەڵام لە ئاســـتێکی تـــردا لە ڕاپەڕانـــدنی ئەو ئەرکەی پێسـپێردراوە سسـتە، بـۆ نمـوونە مـۆرفیمی (ێ) لە ئاسـتی ڕستەسـازیدا چـالاکترە وەک لـە ئاسـتی وشەسازیدا. مۆرفیمی واش هەیە لەهەردوو ئاستەکەدا سستە و بەشدارییەکی وای نییە، پێچوانەی ئەوەش مـۆرفیم هەیە لەهەردوو ئاسـت یـان زیـاتردا چـالاکە و ئەرکـی جۆراوجـۆر بە ئەنجـام دەگەیێنێ، بۆ نموونە مۆرفیمەکانی (ە) و (کە)...هتد.

مۆرفیمە ئازادەکان لە ئەرکی پێکهێنانی وشەی ناسادەدا، چ داڕێژراو یـان لێکدراو، پێویستییان بە مۆرفیمی وشەداڕێژەکان دەبێت، بۆئەوەی لە پێکهاتەکاندا ئەرکی جۆراوجۆر ببینن. هەندێکجار لە ئاستەکانی تـری زمـان بەشـە ئاخاوتنەکـان بە سـادەیی و بەبـێ یـارمەتی مـۆرفیمی بەنـد فرەئەرکـی خۆیـان بەرجەسـتەدەکەن، ئەمەش دەکەوێـتە بـواری بەکارهێنـانەوە، بە تـایبەتی لەهەردوو ئاسـتی ڕستەســـازی و ســـیمانتیکدا، بەڵام لە ئاســـتی مۆرفۆلۆجیـــدا، هەردوو جـــۆری مۆرفیمەکـــان بەتەواوکەری یەکتـری دادەنـرێن. (حەمەدئەمـین،2014، ل1)/ (Hamadamin, 2014, p.1)..

بەشـەکانی ئاخـاوتنیش لەنێـو خۆیانـدا لە بـواری وشەسـازی و بەشـداریکردنی لە پێکهێنـانی وشـەی نوێدا دەکرێت دابەش بکرێنە سەر بەشە ئاخاوتنی چالاک و سست، بۆ نموونە بەشە ئاخـاوتنی (نـاو) زۆر چالاکە بەراورد بە(جێنـاو)، جێناوەکـان لە وشەسـازیدا ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیـان نییە وەک لەوەی لە بـواری ڕستەسـازیدا هەیـانە. تـا ڕادەیەک بەشـە ئاخـاوتنی جێنـاو لە ڕووی وشەسـازییەوە هـیچ تایبەتمەندییەکی وای نییە، بەراورد بە بەشە ئاخاوتنەکانی تر.

کەواتە زۆربەی زمانەکـان لە ڕێـی مـۆرفیمە بەنـدەکان بەتـایبەتی مـۆرفیمی بەنـدی داڕشـتن و مـۆرفیمی ئازادکانیـانەوە فەرهەنگـی زمانەکەیـان دەوڵەمەنـد دەکەن، ئەویـش لەڕێـگەی داڕشـتن و لێکدانەوە.

**1-2-2-فرەئەرکی یەک ئاست:**

ئەو مۆرفیمانەن، کە لەیەک ئاستدا کاردەکەن و بەرهەمهێنەرن، چ چـالاک بـن یـان سست. لەگەڵ ئەوەی لەیەک ئاستدا دەبینرێن، ئەگەر مۆرفیمی بەندی داڕشتن بن، ئەوا ئەرکی داڕشتن و گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینن. بۆ نموونە وەک پێشگر و پاشگر و نـاوگر و ناوبەند. ئەگەر مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیش بـن، ئەوا کـار و ئەرکـی ڕێزمـانی جۆراوجـۆر ئەبینن، وەک مۆرفیمەکـانی (ان)ی کۆ و

(ەکە/ە)ی ناسیاوی و (ێـک/ێ، یەک)ی نەنسیاوی و ...هتـد. کەواتە مـۆرفیمە بەنـدەکان بە تـایبەتی مۆرفیمە بەندە دارِشتنەکان (...لە توانایاندا هەیە واتای وشەکان بگۆرِن، یـان وشـەی نـوێ بە واتـای نوێـوە بەرهەمبهێـنن و پێیـان دەگوترێـت مـۆرفیمی هەڵگواسـتن(Derivation morpheme)، ئەم مۆرفیمـانە بـۆ پێشـگر (prefixes) و نـاوگر (infixes) و پاشـگر (suffixes) پۆلـدەکرێن). (ئەحمەد، 2012، ل37)/ (Ahmed, 2012, p.37).

کەواتە فرەئەرکی لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو ئەرکانە بەندن، کە مۆرفیمە بەنـدەکان (چ دارِشـتن، یان رِێزمانی) لەچوارچێوەی قالبی وشە و فرێزدا دەیگرنەبەر.

**1-2-3-فرەئەرکی لە زیاتر لە ئاستێک:**

ئەو مۆرفیمانە ئەگرێتەوە، کە زیـاتر لە ئاسـتێکدا کـار دەکەن، ئەگەر ئەرکەکەی لە دوو ئاسـتدابێت هەندێکیان دیـاردەی مۆرفۆفۆنیمی دروستدەکەن، ئەگەر بێـت هەنـدێ لە مۆرفیمەکـان یەک فۆنیمـی بـن، پـێچەوانەی ئەمەش هەنـدێکیان دیـاردەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسـی پێکـدێنن، بـۆ نمـوونە ئەو مۆرفیمانەی یەک فۆنیمی بن و کار و ئەرکیان لە فۆنۆلۆژی و وشەسازی و رِستەسازیدا بێت.

**1-2-4-مۆرفیمی دوولانە:**

هەر مۆرفیمێک، جا مۆرفیمی سەربەست، یان بەندبێت، ئەگەر ئەرکـی لە دوو ئاسـتی زمـان، یـان زیاتردا هەبێت، ئەکرێت بە مۆرفیمی دولانە یان مۆرفیمی فرەلانە دابنرێت. لەبەرئەوەی ئاستەکانی زمان تێکچرژاون و هەموویان تەواوکەری یەکترین و زمان پێکدێنن، بۆیە لە زۆر بـاردا ئەبینین، کە مۆرفیمەکان لە زیاتر لە ئاستێکدا ئەرکیان پێسپێردراوە، بۆ نموونە هەندێ پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا هەن، لە رِێزماندا کاردەکەن و ئەرکی رِستەسازیی دەبینن، لە هەمـان کاتیشدا وەک مۆرفیمێکی وشەدارِێژ لە پێکهاتەی وشەکاندا بەشداری دەکەن و وشەی نوێ پێکدێنن، واتە ئەرکـی فەرهەنگی دەبینن.

**1-2-5-وشە:**

رِۆنانکـارە ئەمریکییەکـان ئەو راسـتییەیان سـەلماند، کە وشـە بـۆ پـارچەی وردتـر کەرتـدەکرێ، پـارچەی وا، کە واتـا، یـان ئەرکـی رِێزمـانی هەبێـت، واتە وشـە لە بنچینـەدا لە دانەی بچـووکتر پێکـدێت، کە (مـۆرفێم)ە، بەڵام ئەم بیـرە بـۆ وشـە سـادە دەسـتنادات، چـونکە ناتوانرێـت بـۆ دانەی بچـووکتر بەشـبکرێن، بە جۆرێـک هەر ئەو واتـایە بگەیەنـن، کە لە بنجـدا هەیـانە، چـونکە جیاکردنەوەیـان و لێکترازنـدنیان وا دەکـات واتاکانیـان لەدەسـتبدەن. (سـەعید، 2013، ل19)/ (Saeed, 2013, p.19).

**1-2-6-مۆرفێم:**

مۆرفێم بچووکترین دانەی زمانە، کە پێویستە واتا، یان ئەرکی هەبێت. هەروەها دەبێت بەشێوەی سەربەخۆ، یان بەند دەربکەوێت و لە فۆنێمێک یان زیاتر پێکبێت و ئەرکـی فەرهەنگی و رِێزمـانی بگێرێت...هتد.

**1-2-7-مۆرفیمی بەندی دارِشتن:**

ئەم جـۆری مـۆرفیمە لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری زمانەوانـانەوە پێناسـەکراوە، کە لە لێـرەدا بەپێویسـت نـازانرێ هەر هەموویـان بخـرێنەرِوو، بەڵکـو بە کـورتی و پـوختی دەکرێـت بەوە پێناسـەبکرێت، کە ئەو مۆرفیمـانەن دەبـنە هۆکـاری گـۆرِینی واتـای وشـە، یـان دەبـنە هۆکـاری

پێکهێنـانی وشـەی نـوێ بـێ گـۆڕینی پـۆلی بەشـە ئاخـاوتنەکەی. کەواتە ئەو مۆرفیمـانە وشـەی نـوێ پێکدێنن و وشـە لە بەشـە ئاخـاوتنێکەوە ئەگـوازنەوە بـۆ بەشـە ئاخـاوتنێکی تـر، یـان لە هەمـان بەشـە ئاخاوتاندا وشەیەکی نوێی لێ پێکدێنێ، وەک:

**بە + هێز > بەهێز**

لێرەدا (بە) کە مۆرفیمی بەندی داڕشتنە و بەپێی شوێن پێشـگرە توانیویەتی وشـەی (هێـز) کە نـاوە بگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو.

**چڵ + ە > چڵە**

بەهەمـان شـێوە پاشـگری (ە) لکـاوە بە کۆتـایی وشـەی (چـڵ) و نـاوی داڕێـژراوی لـێ دروسـت کردووە.

**قشت + ۆکە > قشتۆکە**

**نەرم + یلە > نەرمیلە**

**کار + گە > کارگە**

**ڕا + کردن > ڕاکردن**

لەم نموونـانەدا پاشـگری (ۆکە، یـلە، گە) و پێشـگری (ڕا) نەیـانتوانیوە واتـای وشـەکان لەبەشـە ئاخاوتنێکەوە بگوازنەوە بۆ بەشە ئاخاوتنێکی تر، بەڵکو لە هەمان بەشە ئاخاوتنی خۆیـان وشـەیەکی نوێی سەر بەهەمان بەشە ئاخاوتن لێ دروستکردووە. بۆ نموونە (قشت) ئاوەڵنـاوە، پاشـگری (ۆکە) کە بە کۆتاییەکەیەوە لکاوە واتاکەی نەگوازتۆتەوە، بەڵکو پاش پێکهێنانی کە بۆتە (قشـتۆکە) هەر بە ئاوەڵناوی ماوەتەوە، ئەوانی دیش بەهەمان شێوە.

**1-2-8-مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی:**

ئەم جـۆرە مۆرفیمـانەش لەلای زمانەوانـانەوە زۆر باسـکراون و بەپێویسـت نـازانرێ باسـی هەر هەمـوو کارەکـان بکرێـت، بەڵکـو دەکرێـت بە کـورتی و پـوختی بوترێـت، کە ئەو مـۆرفیمە بەنـدە ڕێزمانییـانەن، کە وشـەی نـوێ دروسـت نـاکەن و تەنهـا حـاڵەتی ڕێزمـانی دەبەخشـن و ئەرکـی ڕێزمانییـان کەوتۆتەسـەر، ژمارەیـان لە زمـانی کوردیـدا دیـاریکراوە و ئەتـوانرێ بە ئاسـانی بژمێردرێت و ئەرکیان لە ڕستەسازیدایە. نیشـانەکان مـۆرفیمی ڕێزمـانین لە زمـانی کوردیـدا، وەک نیشـانەی کـۆ و ناسـیاوی و نەناسـیاوی و نەرێ و بـکەر نادیـاری و کـات و دانەپـاڵ و نێـر و مـێ و ...هتد. چەند نموونەیەک:

**کوڕ + ان > کوڕان** (ان) نیشانەی کۆیە).

**منداڵ + ەکە** > منداڵەکە (ەکە) نیشانەی ناسیاوییە).

**نەهات**. (نە) نیشانەی نەرێکردنی ڕابردووە.

**ناخۆم**. (نا) نیشانەی نەرێکردنی ڕانەبردووە.

**مەڕۆ/نەڕۆ**. (نیشانەی نەرێکردنی داخوازییە) (مە) بۆ نزیک و (نە) بۆ دوور.

**(کوڕی تۆ)**. (ی) نیشانەی دانەپاڵە.

**کرد**. (د) نیشانەی کاتی ڕابردووە.

**کردووە**. (ووە) نیشانەی کاتی ڕابردووی تەواوە.

**دەهات**. (دە) نیشانەی ڕابردووی بەردەوامە.

**هاتبوو**. (بوو) نیشانەی ڕابردووی دوورە.
**کوژرا**. (ر) نیشانەی بکەر نادیارییە. (ا) نیشانەی کاتی ڕابردووە لە بکەر نادیاریدا.
**دەکوژرێ**. (دە) نیشانەی بەردەوامییە لە ڕابردوو و ڕانەبردوو. (ر) نیشانەی بکەر نادیارییە. (ێ) نیشانەی ڕانەبردووە لە بکەر نادیاریدا.
................................هتد.

**1-2-9-گیرەک(Affix):**

بە (پێشگر) و (پاشگر) و (نیشانە) دەوترێ (گیرەک- **Affix**). ئافێکس لە وشەی (Affixus)ی لاتینییەوە وەرگیراوە و بە واتای (گیر، چەسپاو، لکاو، نووساو...) دێت.
مۆرفێم: بچووکترین دانەی زمانە، واتا یان ئەرکی هەیە. مەبەست لە بچووکترین دانە ئەوەیە، ناتوانرێ بچووکتربکرێتەوە بە مەرجێ واتای نەفەوتێ. بۆ نموونە وشەی (شەو) کە لە یەک مۆرفێمی سەربەست پێکهاتووە، ناتوانرێ لەوە زیاتر بچووکتربکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر بچووک بکرێتەوە واتا لە دەستدەدات، کە واتاشی لە دەستدا بە مۆرفێم ناژمێردرێت. وشەی (دڵشاد) ئەکرێت کەرت بکرێت بۆ (دڵ) و (شاد)، کە دوو مۆرفیمی ئازادن، بەڵام ناکرێ ئەو دوو وشە سادەیە کەرت بکرێت بۆ کەرەسەی وردتر.

**بەشی دووەم: فرەئەرکی مۆرفیمەکانی (لە) لە زمانی کوردیدا**

**2-1-تەوەرەی یەکەم- ئەرکی مۆرفیمی (لە) لە ڕووی وشەسازییەوە:**

**2-1-1-یەکەم- مۆرفیمی (لە) وەک پێشگر:**

**2-1-1-1-پێشگر:**

پێشگر بە لاتینی (**praefixus**)ی پێدەڵێن و لە ( **prae**- پێش، بەردەوام...) و ( **fixus**- گیر، لکاو، نووساو، چەسپاو...) پێکهاتووە، ئەو مۆرفیمەیە، کە بە پێشی وشەوە دەلکێ و ڕۆاڵەت و ناوەرۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ.
پێشبەند و پێشگر جیاوازن لەیەکتری، پێشبەند سەر بە بەشەکانی ئاخاوتنە و پێشگر سەر بە بەشەکانی ئاخاوتن نییە. پێشبەند وشەی ئەرکییە و پێشگر مۆرفیمی بەندی داڕشتنە. پێشگر وشەی نوێ دروستدەکات و پێشبەند دەستەواژە دروستدەکات. پێشبەندەکانی زمانی کوردی ژمارەیان کەمە، کەچی پێشگرەکان ژمارەیان زۆرە. پێشبەندەکان ئەرکی ڕێزمانییان پێسپێردراوە و پێشگرەکان ئەرکی فەرهەنگییان پێسپێردراوە.
مۆرفیمی (لە) یەکێکە لە مۆرفیمە چالەکەکانی زمانی کوردی و لە زۆربەی ئاستەکانی زماندا ئەرک ئەگێڕێ. مۆرفیمی (لە) وەک مۆرفیمی بەندی داڕشتن یەکێکە لەمۆرفیمە چالاکەکان بەپێی ئەو ئەرکانەی کە لەم توێژینەوەدا ئەبینرێت، چ وەک پێشگر، چ وەک پاشگر، چ وەک ناوبەند، بۆیە بەلای ئێمەوە کەم توانا نییە. نموونە:

1- ئازاد **لە** کەرکووک دەژیت.
2-**لە**یاد دانیشتووی کەرکووکە.
3-**بە**سۆز کچێکی زیرەکە.

4- نامە **بە** پێنووس دەنووسم.

لە ڕستەکانی ژمارە (1) و (4)دا مۆرفیمەکانی (**لە**) و (**بە**) پێشبەندن، کەچی لە ڕستەکانی ژمارە (2) و (3)دا، مۆرفیمەکانی (**لە**) و (**بە**) مۆرفیمی بەندی داڕشتنن، واتە پێشگرن.

مۆرفیمی (**لە**) دەتوانێت لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکان یەک بگرێ و فۆرمی داڕێژراو و لێکدراو پێکبێنێت، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەو ئەرکانەی ئەو مۆرفیمە نیشاندەدات:

**1- پێشگری (لە) + ناو > ناو داڕێژراو**

**لە + یاد > لەیاد**

**لە + جێ > لەجێ**

**لە + ڕوو > لەڕوو**

**2- پێشگری (لە) + ناو > ئاوەڵناوی داڕێژراو**

**<u>أ- پێشگری (لە) + ناو > ئاوەڵناوی داڕێژراو</u>**

**لە + بار > لەبار**

**<u>أ- پێشگری (لە) + رەگی رانەبردووی کردار > ئاوەڵناوی داڕێژراو</u>**

**لە + کوڵ > لەکوڵ**

**لە + جۆش > لەجۆش** (حەمەدئەمین، 2014، ل132)/ (Hamadamin, 2014, p.132).

**3- پێشگری (لە) دەچێتە سەر کاری ناسادە، کاری لێکدراو دروستدەکات.**

لە + ناوچوون > لەناوچوون

لە + بەرکردن > لەبەرکردن

لە + جێچوون > لەجێچوون

**4- مۆرفیمی (لە) وەک پێشگر ئاوەڵکرداری چۆنێتی دروستدەکات.**

لە + پڕ > لەپڕ (چۆتە سەر ئاوەڵناو)

لە + ناکاو > لەناکاو ( چۆتە سەر ناوی کات)

لە + ناو > لەناو (چۆتەسەر ناو) (عەبدوڵڵا، 2007، ل119)/ (Abdullah, 2007, p.119).

**5- مۆرفیمی (لە) وەک پێشگر ئاوەڵکرداری شوێن دروستدەکات:**

**<u>أ- پێشگری (لە) + ئاوەڵکردار > ئاوەڵکرداری داڕێژراوی شوێن:</u>**

(لە) لەبنەڕەتدا پێشبەندە، بەڵام لەگەڵ ئەو وشانەی لەگەڵیدا هاتووە، و ئەرکی وشەسازییان بەجێهێناوە، بوونەتە پێشگر و وشەی داڕێژراویان دروستکردووە. *(بڕوانە: حاجی مارف، 1998، ل155)/ (Haji Marif, 1998, p.155).*

لە + سەر > لەسەر

لە + ژێر > لەژێر

لە + خوار> لەخوار

لە + بن > لەبن

لە + پێش > لەپێش

**ب- پێشگری (لە) + ئاوەڵکردار + پاشگری (ەوە)> ئاوەڵکرداری دارێژراوی شوێن:**

لە + سەر + ەوە > لەسەرەوە

لە + خوار + ەوە > لەخوارەوە

لە + ڕاست + ەوە> لەڕاستەوە

لە + پێش + ەوە > لەپێشەوە

لە + بن + ەوە > لەبنەوە

لە + ناو + ەوە > لەناوەوە ...هتد. (حاجی مارف، 1998، ل148)/ (Haji Marif, 1998, p.148).

لە + پشت + ەوە > لەپشتەوە

لە + ژوور + ەوە > لەژوورەوە (لیژنەی زمان و زانستەکان، 2011، ل242)/ (Language and Science Committee, 2011, p.242).

**ج- پێشگری (لە) + ئاوەڵکردار + پاشگری (ێ)> ئاوەڵکرداری دارێژراوی شوێن:**

لە + سەر + ێ > لەسەرێ

لە + ژوور + ێ > لەژوورێ

وشەکانی (پشت، ژوور، تەنیشت...هتد). لە بنەڕەتدا ناوی شوێنن، کاتێک بەم شێوەیە دێن، دەبن بە ئاوەڵکرداری شوێن. (لیژنەی زمان و زانستەکان، 2011، ل242)/ (Language and Science Committee, 2011, p.242).

**د- پێشگری (لە) + ئاوەڵناو + پاشگری (ەوە) > ئاوەڵکرداری دارێژراوی کاتی:**

لە + زوو + ەوە > لەزووەوە

لە + سەرەتا + ەوە > لەسەرەتاوە

لە + ئەوسا + ەوە > لەوساوە

**هـ- پێشگری (لە) + وشەی ناسادە > ئاوەڵکرداری لێکدراوی کاتی:**

لە + ئەم – ە + و + لا > لەمەولا

لە + ئەم + ڕۆژ + انە + دا > لەم ڕۆژانەدا

لە + ئەم + ساڵ + انە + دا > لەم ساڵانەدا

لە + ئەم + بار + انە + دا > لەم بارانەدا ...هتد.

**6- پێشگری ناسادەی (لێک) و چاوگی سادە و دارێژراو، و کرداری دارێژراو دروستدەکەن:**

پرێپۆزیشنی (لە) کاتێ لەگەڵ ژمارەی (ێک، یەک) یەک ئەگرێت، پێشگری ناسادەی (لێک) پێکدێنن. کە ئەچنە سەر چاوگەکان، ئەبنە هۆی درووستبوونی چاوگی دارێژراو.

أ- پێشگری ناسادەی (لێک) + چاوگی سادە > کرداری دارێژراو

لێک + دان > لێکدان

لێک + بوون > لێکبوون

لێک + چوون > لێکچوون

لێک + ترازان > لێکترازان

ب- پێشگری ناسادەی (لێک) + چاوگی داڕێژراو > کرداری داڕێژراو

لێک + دادان > لێکدادان

لێک + داماڵین > لێکداماڵین

ب- پێشگری ناسادەی (لێک) + چاوگی لێکدراو > کرداری داڕێژراو

لێک + جیابوونەوە > لێکجیابوونەوە

**7- مۆرفیمی (لە) وەک پێشگر ئاوەڵکرداری لێکدراوی چۆنێتی پێکدێنێ:**

أ- پێشگری (لە) + ئاوەڵکردار + ئاوەڵکردار> ئاوەڵکرداری لێکدراوی چۆنێتی:

لە + سەر + لا > لەسەرلا

لە + سەر + تەنیشت > لەسەرتەنیشت

ب- پێشگری (لە) + ئاوەڵکردار + ناو > ئاوەڵکرداری لێکدراوی چۆنێتی:

لە + سەر + سنگ > لەسەرسنگ

لە + سەر + پشت > لەسەرپشت

**8- مۆرفیمی (لە) وەک پێشگر چاوگی لێکدراو پێکدێنێ:**

1- پێشگر + ناو + چاوگ/قەد > چاوگی لێکدراو

لە + کار + کەوتن > لەکارکەوتن

لە + دەست + دان > لەدەستدان

لە + هۆش + چوون > لەهۆشچوون

لە + بیر + کردن > لەبیرکردن

لە + دەس + چوو > لەدەسچوو

لە + جێ + چوو > لەجێچوو (شوانی، 2011، ل74)/ (Shwani, 2011, p.74).

لە + دەست + کردن > لەدەستکردن

لە + پێ + کردن > لەپێکردن

لە + سەر + کردن > لەسەرکردن (ئەحمەد، 2010، ل103)/ (Ahmed, 2010, p.103).

2- پێشگر + ئاوەڵکردار + چاوگ

لە + ژێر + نان > لەژێرنان

لە + ناو + بردن > لەناوبردن

3- پێشگر + ئاوەڵکردار + کردار

لە + بەین + چوو > لەبەینچوو

لە + ناوی + دا > لەناویدا

4- پێشگر + ناو + جێناو + کردار

لە + هۆش + خۆ + چوو > لەهۆش خۆچوو

5- پێشگر + ژمارە + ئاوەڵناو + کردار

له + یەک + جیا + بوونەوە > لەیەکجیابوونەوە...هتد. (شوانی، 2011، ل103)/ ( Shwani, 2011, p.103).

**9- مۆرفیمی (لە) وەک پێشگر ئاوەڵکرداری لێکدراوی کاتی پێکدێنێ:**

لە +م(ئەم) + ڕۆژ + انە+ دا > لەم ڕۆژانەدا

لە +م (ئەم) ەو + لا > لەمەولا

**10- پێشگری (لە) ئاوەڵکرداری لێکدراوی شوێن پێکدێنێ:**

لە + هەموو + لا > لەهەمووولا

لە + هیچ + شوێن > لەهیچ شوێن

لە + هیچ + لا > لەهیچ لا

لە + گشت + لا > لەگشت لا ...هتد.

**11 – پێشگری (لە) کرداری لێکدراو پێکدێنێ:**

1- فریزی پێشناوی + کرداری بنەڕەتی > کرداری لێکدراو

لەپێ + دەکەوێت > لەپێدەکەوێت

لەجێ + دەچێت > لەجێدەچێت

لەکار + دەخات > لەکاردەخات

لەدایک + دەبێت > لەدایکدەبێت

لەخۆی + دەترسێت > لەخۆیدەترسێت

2- فریزی پێشناوی + کرداری داڕێژراو > کرداری لێکدراو

لەبیری + دەچێتەوە > لەبیریدەچێتەوە

لەکۆڵی + دەبێتەوە > لەکۆڵیدەبێتەوە

لەکۆڵی + دەکاتەوە > لەکۆڵیدەکاتەوە

3-پێشناوی لێکدراو + کرداری بنەڕەتی > کرداری لێکدراو

لەناو + دەچێت > لەناودەچێت

لەناو + دەبات > لەناودەبات

لەسەری +دەکەوێت > لەسەری دەکەوێت...هتد. (عەول، 2010، ل374- 385)/ ( Awil, 2010, p. 374- 385).

**2-1-2- دووەم- مۆرفیمی (لە) وەک پاشگر:**

پاشگر بە لاتینی بە (**Sufixus**) ناسراوە و لە دوو بەش پێکهاتووە: ( **su**- پاش ...) و ( **fixus**- گیر، لکاو، نووساو، چەسپاو...). کەواتە پاشگر ئەو مۆرفێمەیە، کە بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەنووسێ و ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ. لێکدانەوەی نوێ بە زاراوەی مۆرفیمی بەندی داڕشتنی بۆ پێشگر و پاشگر داناوە، لەبەرئەوەی مەرج نییە هەموو شتێ بە پێشی وشەوە لکا پێشگربێت، کەواتە چەمکی نوێ حسێب بۆ شوێن ناکەن و چ پێشگر بێ چ پاشگر بەو زاراوەیە ناو دەبەن). پاشگر و پاشبەند جیاوازن لەیەکتر، پاشبەند وەک مۆرفیمی بەندی داڕشتن، ئەرکی داڕشتنی وشەی نوێیە، بەڵام پاشبەند وەک مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ئەرکی

ڕێزمانی پێسپێردراوە و زیاتر دەستەواژە دروستدەکات. خاڵی هاوبەشیانیش هەردووکیان سەر بە بەشەکانی ئاخاوتن نین.

**1- دەچێتە سەر ناوی گشتی و ناوی دارێژراوی بچووککراو دروستدەکات:**

أ- ناوی گشتی + پاشگری (لە) > ناوی دارێژراوی بچووککراو

*لەبارەی (ناوی دارێژراوی بچووککراو)، بڕوانە: (حاجی مارف، 1979، ل118)/ ( Haji Marif, 1979, p.118)، (خۆشناو، 2016، 169)/ (Khoshnaw, 2016, 169)، (موکریانی، 1381، ل607)/ (Mukriani, 1381, p.607).*

دەرزی + لە > دەرزیلە

دەزوو + لە > دەزوولە

کانی + لە > کانیلە

جۆگە + لە > جۆگەلە ....هتد.

کاکە + لە > کاکەلە

برا + لە > برالە

مێروو + لە > مێروولە...........هتد. (حاجی مارف، 1977، ل55)/ ( Haji Marif, 1977, p.55).

ب- ناوی تایبەتی + پاشگری (لە) > ناوی دارێژراوی بچووککراو

نالە(نادر+لە).

بلە(ابراهیم +لە).

خلە(خەلیل+لە).

سالە(سالح+لە)...هتد.

ئەو مۆرفیمەی ناوی تایبەت بچووکدەکاتەوە، هەندێک لە فۆنیمەکانی پێش خۆی لادەبات. مۆرفیمی (لە) زیاتر لەگەڵ ناوی نێرینەدا چالاکترە. (حەمەدئەمین،2014، ل132)/ ( Hamadamin, 2014, p.132). واتە هەر ناو بە پێی تایبەتمەندی و ئەو فۆنیمانەی لێی پێکهاتووە لە کاتی بچووککردنەوەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت. مەرج نییە هەموو ناوەکان بەیەک پێوەر گۆڕانکاری بەسەردا بێت و فۆنیمی لێ لابچێت.

ج- ناوی بێگانە + پاشگری (لە) > ناوی دارێژراوی بچووککراو

حاجی + لە > حاجیلە (حەمەدئەمین،2014، ل132)/ ( Hamadamin, 2014, p.132).

**2- دەچێتە سەر ناوی دارێژراوی لە ڕەگ درووستبوو و ناوی دارێژراوی لێ دروستدەکات:**

گۆز + ە + لە > گۆزەلە (عەلی، 2013، ل155)/ ( Ali, 2013, p.155).

ڕەگی (گۆز)ی چاوگی (گواستنەوە) دەنگی (ز) بەهۆی یاسای کپی و گڕی دەگۆڕێ بۆ (س) لەو ژینگەیەی پێویستی بەو گۆڕانەهەبێت، کە ئەمەش بەهۆی یاسای فۆنۆلۆجییەوە ڕوودەدات.

**3- پاشگری (لە) لەگەڵ پاشگری (کە) پاشگری نـاسادەی (کەلە) پێکـدێنی و ئـاوەڵنـاوی دارِێـژراو دروستدەکات:**

أ- ئاوەڵناو + پاشگری (لە) > ئاوەڵناوی دارِێژراو

سپی + لە > سپیلە

ب- ئاوەڵناو + پاشگری ناسادە(کەلە) > ئاوەڵناوی دارِێژراو

سپی + کەلە > سپیکەلە

پان + کەلە > پانکەلە

سوور + کەلە > سوورکەلە

جوان + کەلە > جوانکەلە ...هتد. (حاجی مارف، 1977، ل70)/ (Haji Marif, 1977, p.70).

**4– پاشگری (لە) لەگەڵ پاشگری (وو)یان (ۆ) پاشگری ناسادەی (وولە)/(ۆلە) پێکدێنی و نـاوی دارِێژراو دروستدەکات:**

ناو + پاشگری ناسادە(وولە) > ناوی دارِێژراو

دان + وولە > دانوولە

مێش + وولە > مێشوولە (حـاجی مـارف، 1979، ل119)/ (Haji Marif, 1979, p.119).

داس + وولە > داسوولە

بەرخ + ۆلە > بەرخۆلە

**2-1-3- سێیەم- مۆرفیمی (لە) وەک ناوبەند:**

**2-1-3-1- ناوبەند**: (ئینتەرفێکس - **Interfixus**)، مۆرفیمی پێوەندیشی پێدەوترێت.

ئەو مـۆرفێمە یاریـدەدەرانەن، کە واتـای خـودی خۆیـان نیـیە، بەڵام لە لێکـدانی وشـەدا هاریکـاری دەکەن. ئەم جۆرە مۆرفێمـانە کە دەکرێ پێیـان بـوترێ – مـۆرفیمی پێوەنـدی، لە وشـەی لێکدراودا بەدیدەکرێن. لە زمانی کوردیدا چەند ناوبەندێک هەیە، وەک: (و، ە، ەو، او، ان، بە، لە، ب...).

**1- ئاوەڵکرداری لێکدراو دروستدەکات:**

أ- ژمارە + ناوبەندی (لە) + ژمارە > ئاوەڵکرداری لێکدراو

یەک + لە + یەک > یەک لەیەک

دوو + لە + دوو > دوولەدوو

ب- ناو + ناوبەندی (لە) + ناو > ئاوەڵکرداری لێکدراو

دەست + لە + دەست > دەست لەدەست

ج- ئاوەڵکردار + ناوبەندی (لە) + ئاوەڵناو > ئاوەڵکرداری لێکدراو

سەر + لە + نوێ > سەرلەنوێ

هـ- ئاوەڵکردار + ناوبەندی (لە) + ئاوەڵکردار> ئاوەڵکرداری لێکدراو

سەر + لە + بەر > سەرلەبەر (حاجی مارف، 1998، ل161- 162)/ (Haji Marif, 1998, p.161- 162).

**- ناوی لێکدراو دروستدەکات:**

<u>أ- ناو + لە + ناو > ناوی لێکدراو</u>

گیـان + لە + بەر > گیـانلەبەر (هەورامـانی، 1981، ل267)/ (Hawramani, 1981, p.267).

جامانە + لە + سەر > جامانەلەسەر

دەست + لە + ئەژنۆ > دەست لەئەژنۆ

پەڕ + لە + پێ > پەڕلەپێ

گوێ + لە + مست > گوێ لە مست

<u>ب- ناو + چاوگی لێکدراوی لەرێی (لە)ەوە > ناوی لێکدراو</u>

گیان + لەدەستدان > گیان لەدەستدان

<u>ج- ناو + لە + ئاوەڵکردار + ناو > ناوی لێکدراو</u>

دەست + لە +سەر + پێ > دەست لەسەرپێ .........

**3- ئاوەڵناوی لێکدراو دروستدەکات:**

**<u>أ- ناو + لە + ئاوەڵکردار> ئاوەڵناوی لێکدراو</u>**

شـەو + لە + بـان > شـەولـەبان (واتە: بـاگردێن) (فەخری، 2006، ل241)/ (Fakhri, 2006, p.241).

چاو + لە + سەر > چاولەسەر

چاو + لە + دەر > چاولەدەر (محەمەد، 2011، ل272)/ (Mohammad, 2011, p.272).

دەنگ + لە + دەر > دەنگ لەدەر

**<u>ب- ناو + لە + ناو > ئاوەڵناوی لێکدراو</u>**

قسە + لە + ڕوو > قسەلەڕوو

**2-2- تەوەرەی دووەم- ڕۆڵی مۆرفیمەکانی (لە) لەڕووی ڕستەسازییەوە:**

ڕستەسازی یەکێکە لە ئاستە سەرەکییەکانی زمـان و بە دایکـی ئاستەکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی تاکە ئاستە، کە گۆڕانکاری، یا نەنگی و خەوشی زۆر بە کەم لێدەردەکەوێت. وەک چۆن وشەسازی و واتاسازی بایەخ بە وشە دەدەن، ڕستەسازیش بایەخ بە وشە دەدات، بەڵام جیاوازتر لەوان، ئەم لە ئەرکی وشەکان و ڕێکخستنیان لەناو ڕستەدا دەکۆڵێتەوە.

ڕستەسازی زاراوەیەکی زمانەوانییە، کە لە زمانی عەرەبیدا بە (علم النحو) ناسراوە، لە وشەی (syntaxis/syntax)ی یۆنانییەوە هاتووە و لە دوو بەش پێکدێت: (syn)، کە بە واتای پێکەوەهاتن دێت، بەشی دووەمیش (taxis) دێت، کە بە واتای دانان دێت. کەواتە، ڕستەسازی واتای ڕێکخستن و دانان و ڕێککەتن دەگەیەنێت و، لە ڕستە و پێوەندیی ڕستەسازیی نێوان وشەکان دەکۆڵێتەوە.

**2-2-1- مۆرفیمی (لە) وەک پێشبەند:**

پێش ئەوەی ئەرکی پێشبەندی (لە) لەڕووی ڕستەسازییەوە دیارییکرێت، وا پێویست دەزانرێت، هەندێ زانیاری تیۆریی پوخت و کورتی لەبارەوە بخرێتەڕوو.

پێشبەند واتە (حرف الجر)ی عەرەبی و (**preposition**)ی ئینگلیزی. ئەو زاراوانەی لە جیاتی پێشبەند بەکارهاتوون: (حەرفی جەڕ، ئەداتی تەواوی، ئامرازی پێوەندی، ئامرازی پێوەستی، بەرناڤ، پێربەست، پریپۆزیشن، پێشپرتک، پێبەست، بەندیواری، ئامرازی ڕاکێش). (باخەوان، 2003، ل80)/ (Bakhawan, 2003, p.80).

لە کارە ڕێزمانییە ئینگلیزییەکاندا بەم شێوەیە پێناسەکراوە: ئەو وشەیەیە، کە لەگەڵ ناو یاخود جێناودا بەکاردێت و پێوەندی لەگەڵ وشەی تردا دەردەخات و دەچێتە نێو پێکهاتەی ڕستەوە. بە بەردەوامی دەبێتە هۆی دیاریکردنی ناو یاخود جێناو لە حاڵەتی بەرکاریدا. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دروستکردنی دەستەواژەیە (**phrase**)، لەگەڵ ئەو ناوانەی بە دوایدا دێت و ئەم دەستەواژەنەش زۆرجار ئاوەڵکردار دروستدەکەن. مۆرفیمی (لە) وەک پێشبەند، نەک وەک پێشگر، بەشداری لە پێکهێنانی ئاوەڵکردار دەکات، لەو حاڵەتەدا پێی ئەوترێت ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی.

کەواتە پێشبەند ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییە ناسەربەخۆیانەن، کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن، لە بەستنەوەی بەشەکانی ڕستە و پێوەندی ناوەکی دروستدەکەن. پێشبەندەکان لە ڕووی ڕواڵەتەوە سەربەخۆن و بە تەنیا واتا نابەخشن، بەڵکو لەپاڵ وشەی تردا واتایان بەدەردەکەوێت. پێشبەندەکان دەکەونە پێش ناو، یاخود جێناو، یاخود ئاوەڵناوەوە بۆ نیشاندانی پێوەندی نێوان ئەو وشانە لەگەڵ وشەکانی دیکەی هەمان ڕستەدا. هەروەها پێشبەندەکە و وشەکەی دوای  بە جووتە دەبنە تەواوکەر بۆ وشەکەی پێش پێشبەندەکە. پێشبەندەکان لەهەردوو ئاستی (وشەسازی و ڕستەسازی)دا دەوری گرنگ دەبینن لە پێکەوە گرێدانی بەشەکانی ڕستەدا.

(بۆ، بە، لە، ە، تا، بێ...هتد) پێشبەندی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردین. ئەم پێشبەندانە لە خوێندنی ناوەندی و دواناوندییەکان پێیان دەوترێت ئامرازی پەیوەندی. لە وشەسازیدا پێشبەند لە ڕیزی وشە ئەرکییەکان دادەنرێت و بەتەنیا واتا بەدەستەوە نادات، تا لەناو ڕستە یان فرێزێکدا نەبیت، کەواتە بە مۆرفیمی ئازادی ئەرکی پۆلیندەکرێت.

مۆرفیمی (لە) ڕوخساری ناسادەی هەیە، کە لەگەڵ پاشبەندەکاندا وشەیەک دەخەنە نێوانیان و دەبنە هۆی گۆڕینی و بەخشینی واتای جۆربەجۆر. پێشبەندی (لە) دەبێت بە ڕوخساری (لە...دا) و (لە...ەوە/وە)، لەهەندێ شوێنی تری کوردستان شێوەی (لە...ڕا)شی هەیە. لە ئاستی ڕستەسازیشدا ڕوخساری لکاوی هەیە. پێشبەندی (لە) دەبێت بە (لێ، تێ). ئەم (لێ) و (تێ)یەش، ئەم ڕوخسارانەیان هەیە: (لێ...دا)، (لێ...ەوە/وە)، (تێ...دا)، (تێ...ەوە/وە).

وەک چۆن پیشبەندەکانی تریش شێوەی خۆی دەگۆڕێ، ئەم پیشبەندیی (لە)یەش بەهەمان شێوە ڕوخساری دەگۆڕێت بۆ (لێ) و ئەگەر هات و ناوەکەی، یان جێناوەکەی دوای ئەم مۆرفیمە بەجێناوی لکاو جێگیرکرا. (ئەمین، 2009، ل42)/ (Amin, 2009, p.42).

. نموونە:

- من **لە** ئێوە دەترسم..............من **لێـ**ـتان دەترسم .............**لێـ**ـتان دەترسم

کەواتە ئەم (لێ)یە لە کردەی مۆرفۆسینتاکسیدا شێوەی گۆڕاوی پێشبەندی (لە)یە.

پێشــبەندی (لە) پێشــبەندێکی چــالاکە و لەگەڵ زۆربەی بەشــە ئاخاوتنەکانــدا دێــت، لە ئاســتی ڕستەسازیدا بە یارمەتی ئامرازە پەیوەندییەکان کە ڕاستەوخۆ دەچنە سەر ناوێک، یان ئـاوەڵکردار، یـان ئەوانەی جێی نـاو دەگرنەوە، ئاوەڵنـاو، چاوگ، جێناوەکـان دەتوانرێت گریـی بەنـد پێکبێنێـت. (بەگیخـانی، 1996، ل43)/ (Bagikhani, 1996, p. 43). واتە ئەو پیشـبەندانە لە ئاسـتی ڕستەســازیدا ئەرکیــان پێکهێنانــی گــرێ و ئــاوەڵکرداری دەســتەواژەیی داڕێــژراو و لێکــدراوە بە یارمەتی پاشبەندەکان، ئەو بەشە ئاخاوتنەی کە دوای پێشبەند(سەرە) دەکەوێت لە فرێزی بەنددا پێـی دەوترێت تەواوکەری فرێزی بەند. (عەبدولڕەحمان، 2009، ل43)/ (Abdulrahman, 2009, p.43). وەک پێشبەند ئەم ڕۆڵانەی خوارەوە دەگێڕێت:

**أ- ئاوەڵکرداری ناوی دروستدەکا:**

**<u>1- بێ پاشبەند:</u>**

لە + ماڵ > لەماڵ

لە + بازاڕ > لەبازاڕ

<u>2- لەگەڵ پاشبەند:</u>

لە + ماڵ + ەوە > لەماڵەوە

لە + بازاڕ +ەوە > لەبازاڕەوە

لە + ماڵ + دا > لە ماڵدا

**ب- ئاوەڵکرداری ئاوەڵناوی درووستدەکا:**

ئاوەڵکرداری (ناوی) و (ئاوەڵناوی) و ئەو ئاوەڵکردارانەن، کە لە پێکهێنانیاندا (نـاو) و (ئاوەڵنـاو) و (ژمارە) هاریکاری ئەکەن

لە + بچووک + ەوە > لەبچووکەوە

لە + گەورە + ەوە > لەگەورەوە ..........هتد. (حـاجی مـارف، 1998، ل166)/ (Haji Marif, 1998, p.166).

**ج- لەگەڵ ئاوەڵکرداردا دەستەواژەی ئاوەڵکرداری پێکدەهێنێ:**

لە + پێش > لەپێش / لە + پێش + دا > لەپێشدا / لە + پێش + ەوە > لەپێشەوە

لە + پاش > لەپاش / لە + پاش + دا > لەپاشدا / لە + پاش + ەوە > لەپاشەوە

**د- ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی لەڕووی پێکهاتنەوە:**

**أ- ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی داڕێژراو:**

**1- لەگەڵ پاشبەندی (دا):**

لە+ هەولێر + دا > لەهەولێردا

لە + گیرفان + دا> لەگیرفاندا

لە + خۆشی + دا > لە خۆشیدا

**2- لەگەڵ پاشبەندی (ەوە):**

لە + ڕاست + ەوە> لەڕاستەوە

لە + هەڵەبجە + ەوە> لەهەڵەبجەوە

لە + تۆ + ەوە > لەتۆوە

**3 – لەگەڵ پاشبەندی (ڕا):**

لە + کەرکووک + ڕا > لەکەرکووکڕا

لە + تۆ+ ڕا > لەتۆڕا

لە + خۆ + ڕا > لەخۆڕا

لە + دوور + ڕا > لەدووڕا

**4- لەگەڵ پاشبەندی (تا):**

لە سلێمانی تا/هەتاکو هەولێر

لە دهۆک تا/هەتاکو هەڵەبجە

**ب - ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی لێکدراو:**

ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی: بەو ئاوەڵکردارە دەوترێ، کە لە دەستەواژە پێکهاتبێ- واتە کۆمەڵە وشەیەک بێ و کرداریان لەگەڵدا نەبێ. (حاجی مارف، 1998، ل162)/ (Haji Marif, 1998, p.162).. مەرجی درووستبوونیشی ئەوەیە کە بە یاریدەی پێشبەند و پاشبەند درووست بووبێ، نەک پێشگر و پاشگر پێکەوە.

**- پێشبەندی (لە) + وشەی ناسادە > ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی لێکدراو**

لە + سەردارەکە > لەسەردارەکە

لە + بن دارەکە > لەبن دارەکە

لە + ژێرکەپرەکە > لەژێرکەپرەکە

لە + هەموولا > لەهەموولا

لە + هیچ کوێ > لەهیچ کوێ

لە + لای دارەکەوە > لەلای دارەکەوە

لە + (ئەم)ەولا > لەئەمەولا/لەمەولا (حاجی مارف، 1998، ل162)/ (Haji Marif, 1998, p.162).

د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (ژمارە و ئاوەڵکردار)دا ئاماژەی بە جۆری ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی لەڕووی پێکهاتنەوە نەکردووە، تەنها ئەوەیە نووسیویەتی ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی و چۆنێتی پێکهێنانیشی بەنموونەوە ڕوونکردۆتەوە، بەڵام بەو پێیەی ئەو لێی دواوە ئەکرێت لەڕووی پێکهاتنەوە دوو جۆر ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی جیا بکرێتەوە: (داڕێژراو و لێکدراو) وەک لە نموونەکانی سەرەوەدا دیارن.

**2-2-2- مۆرفیمی (لە) وەک پێشبەند بە دوو چەشن بەشداری لە پێکهێنانی ژمارەی کەرتی دەکات:**

<u>أ- پێشبەندی (لە) لەسەرەتای دەستەواژەکەوە دێت:</u>

لە دە پێنج

لە سەد دە

لە هەزار دوو ...هتد.

<u>**ئەگەر نیشانەی کۆی لەگەڵدا بێت:**</u>

لە دەیان پێنج

لە سەدان دە

لە هەزاران دوو ...هتد.

<u>**ئەگەر پاشبەندی (دا)ش بۆ تەواوکردنی پێشبەندەکە دەربکەوێ:**</u>

لە دەدا(دەیا) پێنج

لە سەددا(سەدا) چل

لە هەزاردا(هەزارا) دوو

<u>ب- پێشبەندی (لە) ناوەراستی دەستەواژەکەدا دێت:</u>

پێنج لە سەد

سەد لە هەزار

<u>**نیشانەی کۆی (ان)یشی لەگەڵ بەکاردێت:**</u>

یەک لە چلان

سێ لە دەیان ...هتد. (حاجی مارف، 1998، ل102- 105)/ (Haji Marif, 1998, p.102- 105).

بێجگە لەو سەرچاوەیەی د.ئەورەحمانی حاجی مارف لەبارەی ڕۆڵی مۆرفیمی (لە) دروستکردنی ژمارەی کەرتی. *بڕوانە: (باخەوان، 2003، ل223-229)/ (Bakhawan, 2003, p. 223-229)، (موکریانی، 2017، ل43)/ (Mukriani, 2017, p.43).*

**2-2-3- هاتنی پێشبەندی (لە) لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی (جگە):**

<u>**أ- هەمیشە بە دوای ئامرازی (جگە) پێشبەندی (لە) دێت:**</u>

- جگەلە تۆ کەستر نەهات.

**ب- دەشێ لە جیاتی (جگە لە) ئامرازی (بێ لە) بەکاربێت:**

ئامرازی (جگە) و (بێ) ئەکرێت شوێنی یەکتر بگرنەوە:

- بێ لە تۆ کەس نەهات.

- بێ لە تۆ هەموو هاتن

**ج- ئەگەر لە (بێ لە) پێشبەندی (لە) لاببەین، (بێ) لەو حاڵەتەدا وەک پێشبەند بەکاردێت:**

- بێ تۆ ناچمە سەیران. (نەوترا بێ لە تۆ).

- بێ پارە دنیا خۆش نییە. (نەوترا بێ لە پارە). (لیژنەی زمان و زانستەکان، 2011، ل324)/ (Language and Science Committee, 2011, p.324).

**2-2-4-پێشبەندی (لە) لە کاتی بەردەوامی تەواودا(perfect continuous):**

**أ- ڕابردوو:**

<u>**لە + چاوگ + دا + بوو + جێناوە لکاوەکان.**</u>

لە + خوێندن + دا + بوو + (م، یت، - ، ین، ن، ن).

**ب- ڕانەبردوو(داهاتوو):**

**<u>لە + چاوگ + دا + دە + ب + جێناوە لکاوەکان.</u>**

لە + خوێندن + دا + دە + ب (م، یت، ێت، ین، ن، ن).

**ج- ئێستا: <u>لە + چاوگ + دا + ( - ) + جێناوە لکاوەکان.</u>**

لە + خوێندن + دا + - + (م، یت، ە، ین، ن،ن). (ئەمین، 2004، ل73)/ (Amin, 2004, p.73).

**5-2-2- جێگرەوەی پێشبەندی (لە) بە پێشبەندی (ە):**

دەکرێت لە جێی پێشبەندی (لە) بە پێشبەندی (ە) جێی بگیتەوە، کاتێک بەرکاری ناڕاستەوخۆ بکەوێتە دوای کردارەکەوە. (باخەوان، 2003، ل208)/ (Bakhawan, 2003, p. 208)..

نموونە:

-ئەوان بەردەکەیان **<u>لە</u>** من گرت.

-ئەوان بەردەکەیان **<u>لە</u>** من گرت.

- ئەوان بەردەکەیان گرتـــ**<u>ـە</u>** من (بەردەکەیان گرتـــە من).

مـــۆرفیمی (لە) جـــگە لەو ئەرکەی لەڕووی وشەســـازی و ڕستەســـازییەوە دەیبینـــی، لەڕووی واتاییشەوە، کۆمەڵێک واتای جیاواز دەگەیێنێ:

**1- بۆ هەندێتی:**

منداڵەکە هەندێ لە نانەکەی خوارد.

**2- بۆ هۆیەتی:**

لە هەوری بە گرمە و لە پیاوی زۆر بڵێ مەترسە.

**3- بۆ بەراوردکردنی دووشت، یاخود بەرانبەرکردن:**

ماین لە عارەب، ژن لە تیلەکۆ.

**4- بۆ پرسیارکردن:**

لە کێ بێزاری؟

**5- بۆ زانینی ئەو کەرەستەیەی کە هەر شتێکی لێ درووست کرابێت:**

زوڕنا لە قامیش درووست ناکرێت.

**6- بۆ نیشاندانی سەرەتای ڕووداو:**

کۆچەر لە چیا هاتنەخوار.

**7- بۆ نیشاندانی کات:**

لە پاش مردوو، درۆ دەکرێ.

**8- بۆ نیشاندانی کەمێک لەزۆر:**

لەناو جوانان هەڵم بژاردووی ...

**9- بۆ خۆلادان:**

خۆ لە ئاگر دەپارێزێت.

**10- بۆ دیاریکردنی شوێن:**

**ا- گشتی**: ئامانج لە سلێمانی بوو
**ب- تایبتی**: لە باوان هیچ نییە، لە خەزووران تلیلییە
**11- واتای سەرچاوەی کردار**:
شلێر لە مشک دەترسێت. (باخەوان، 2003، ل219-220)/ ( Bakhawan, 2003, (p. 219-220).

<u>**ئەنجامەکان**</u>

**1- لە ڕووی وشەسازییەوە:**

- وەک پێشگر لە پێکهێنانی ناوی داڕێژراو و ئاوەڵکردراو و کردار و چاوگی ناسادە (داڕێژراو و لێکدراو) ڕۆڵی چالاکی هەیە، بە تایبەتی لە پێکهێنانی ئاوەڵکردار لەڕووی پێکهاتن و واتاوە.
- وەک پاشگر بەراورد بە خاڵی سەرەوە زۆر چالاک نییە و لە دروستکردنی وشەی نوێدا کەم توانایە.
- وەک ناوبەند، یان ناوەندگر ڕۆڵی چالاکی لە پێکهێنانی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکرداری لێکدراودا هەیە.

**2- لە ڕووی ڕستەسازییەوە**:

- وەک پێشبەند ڕۆڵێکی چالاک لە ڕستەسازیدا دەگێڕێت و دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاوەڵکرداری ئاوەڵناوی و ئاوەڵکرداری ناوی.
- لەگەڵ پاشبەندەکاندا ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی داڕێژراو لێکدراو دروستدەکات.
- وەک پێشبەند بەشداری لە پێکهێنانی ژمارەیکەرتی دەکات.

-گرێی بەند پێکدێنێت و ئەو کەرەسە یان بەشە ئاخاوتنانەی پاش پێشبەندەکە دەبنە تەواوکەری فرێزی بەند. واتە ئەو فرێزەی لە دوای پێشبەندەکانەوە دێت، ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت.

**3- لە ڕووی واتاییەوە**:

- لە ڕووی واتاییەوە بە کۆمەڵێک واتای جیاجیا دەگەیێنێ، بەپێی هاتنی لە ڕستەی جیاوازدا.

**سەرچاوەکان:**

<u>**- بە زمانی کوردی:**</u>

ئەحمەد، بێستون حەسەن. (2012) . <u>کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا.</u> چاپخانەی لەریا. سلێمانی. عێراق.
ئەحمەد، نەرمین عومەر. (2010). "بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا". نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. عێراق.
ئەمین، وریا عومەر. (2004). <u>چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی.</u> بەرگی یەکەم. هەولێر. عێراق.
باخەوان، ئازاد ئەمین فەرەج. (2003). "پشبەند و پاشبەند لەهەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و ژووورووی زمانی کوردیدا". نامەی دکتۆرا. کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد. زانکۆی بەغداد. عێراق.

بەگیخانی، ئاواز حەمە سدیق. (1996). "ڕیزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا". نامەی ماستەر. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر. عێراق.
حاجی مارف، ئەورەحمان. (1977). وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. بەغداد.عێراق
حاجی مارف، ئەورەحمان. (1979). ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم – ناو. بەغداد.عێراق
حاجی مارف، ئەورەحمان. (1998). ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی چوارەم – ژمارەو ئاوەڵکردار_ بەغداد.عێراق
حاجی مارف، ئەورەحمان. (2004). فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی (کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی). سلێمانی. عێراق.
حەمەدئەمین، شنۆ عەولا. (2014). "فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا". نامەی ماستەر. فەکەڵتی پەروەردە. زانکۆی کۆیە. عێراق.
خۆشناو، شیروان حوسێن. (2016). توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕایەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. هەولێر. عێراق.
دزەیی، عەبدولواحید موشیر. (2015). وشەسازی زمانی کوردی. چ3. هەولێر. عێراق.
ڕەسووڵ، بابارەسووڵ نووری. (2012) . پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر. عێراق.
سەعید، سازان زاهیر. (2013). پێزی مۆرفیمە دارێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا. هەولێر. عێراق.
شوانی، ڕەفیق . (2001). چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی. چ1. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی. هەولێر. عێراق.
شوانی، ڕەفیق . (2011). وشەسازی زمانی کوردی. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر. عێراق.
شێخ تەیب، شهاب. (2014). دەربارەی زمانەوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نارین. هەولێر. عێراق.
عەبدولڕەحمان، عومەر ئەحمەد. (2009). "فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا". نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر. عێراق.
عەلی، کازم عەباس. (2013). چاوگ سەرچاوە و ژێدەرە. چ1. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر. عێراق.
عەول، محەمەد عومەر. (2010). "دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی دارشتن و ئەرکەوە - لە کرمانجیی خوارووودا". گۆڤاری کوردۆلۆجی: ژ3، سلێمانی. عێراق
عەبدوڵڵا، ڕۆژان نووری. (2007). فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی. سلێمانی. عێراق.
فەخری، نەسرین. (2006). "پەرەسەندنی مێژوویی واتای وشە و دەوری لە دەوڵەمەندکردنی زماندا". گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی (31).بەغداد. عێراق.
لیژنەی زمان و زانستەکان، کۆڕی زانیاری کورد. (2011). ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، هەولێر. عێراق.

محەمەد، مەسعود. (2011). زاراوەسازی پێوانە، چ2. چاپخانەی ئاراس. هەولێر. عێراق.
محەمەدئەمین، ئەمیر محەمەد. (2016) ، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، چ1. دەزگای چاپ و پەخشی نارین. هەولێر. عێراق.
موکریانی، کوردستان. (2017). زمانی کوردی (مۆرفۆلۆژیا). هەولێر. عێراق.
موکریانی، هەژار. (1367). فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)، کوردی – فارسی. چ1. چاپخانەی سروشت، تەهران. ئێران.
هەورامانی، محەمەد ئەمین. (1981). زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا. بەغداد. عێراق.
وەهبی، توفیق. (1958) . "لێبوونەوەی ناوی کەرکووک". گۆڤاری شەفەق: ژ3. س1.

**- بە زمانی عەرەبی:**

وافي، علي عبد الواحد . (1973). علم اللغة . دار نهضة مصر للطبع والنشر. ط17. القاهرة. مصر.
وهبي، توفيق. (1985). "اصل اسم كركوك". مجلة الكتاب. س1. ع1.

**References**

Abdullah, Rojan Nouri. (2007). Kurdish language dictionary and dialect. Sulaymaniyah. Iraq.
Abdulrahman, Omar Ahmad. (2009). "*Freeze Bond in the Kurdish Language"*. Master's Letter. Language College. Salahuddin University-Erbil. Iraq.
Ahmad, Narmin Omar. (2010). *"Productivity in Kurdish Morphology."* Master's Letter. Language College. University of Sulaymaniyah. Iraq.
Ahmed, Bestun Hassan. (2012). *Collaboration and composition in the Kurdish language.* Leria Press. Sulaymaniyah. Iraq.
Ali, Kazem Ahbas (2013). *The source of the verb and the reference.* ed 1. Eastern Press. Erbil. Iraq.
Amin, Waria Omar. (2004). *How many other linguistic horizons*. Volume One. Erbil. Iraq.
Awil, Mohammad Umar. (2010). *"The division of action into terms of design and function - in the lower Kermanji."* Kurdology Magazine: No. 3, Sulaymaniyah. Iraq
Bagikhani, Awaz Hamma Sadiq. (1996). *"The order of the Kurds in the Kurdish language."* Master's Letter. College of Arts. Salahuddin University - Erbil. Iraq.

Bakhawan, Azad Amin Fahruj. (2003). *" Prepositions and postpositions in both the lower and upper Kurdish dialects of the Kurdish language."* Ph.D. Ibn Rushd College of Education. University of Baghdad. Iraq.

Dizayi, Abdul Wahid Mushir. (2015). *Kurdish language vocabulary*. ed 3. Erbil. Iraq.

Fakhri, Nahsrin. (2006). *"Historical development means words and the environment in the enrichment of language."* Kurdish Academy Magazine. Bargi (31) .Baghdad. Iraq.

Haji Marf, Awrahman. (2004). Linguistic Dictionary (Kurdish-Arabic-English). Sulaymaniyah. Iraq.

Haji Marif, Awrahman. (1977). *Word formation in Kurdish*. Kurdish Academy Center Press. Baghdad. Iraq

Haji Marif, Awrahman. (1979). *Kurdish grammar*, Volume One (Morphology), Part One - Name. Baghdad. Iraq

Haji Marif, Awrahman. (1998). Kurdish grammar, volume one (morphology), part four - *Number and Adverb*. Baghdad.Iraq

Hamadamin, Shino Awla. (2014). *Multilingualism in Kurdish". Master's Lette.* Faculty of Education. Koye University. Iraq.

Hawramani, Mohammad Amin. (1981). *The Kurdish language is on a comparative scale.* Baghdad. Iraq.

Khoshnaw, Shirwan Hussein. (2016). *The ability of the binding morpheme to synthesize and synthesize the syntax function*. Sardam Publishing House. Erbil. Iraq.

*Kurdish Language and Sciences* Committee, Kurdish Academy Center. (2011). Kurdish Speech Grammar, Erbil. Iraq.

Mohammad Ahmad, Mahmoud (2011). *Vocabulary Measurement*, ed 2. Aras Press. Erbil. Iraq.

Muhammad, Amir Mohammad. (2016), *Functional words in the Kurdish language*, ed 1. Narin Publishing House. Erbil. Iraq.

Mukriani, Kurdistan. (2017). *Kurdish language (morphology).* Erbil. Iraq.

Mukriyan, Hajar. (1367). Dictionary (Rainbow), Kurdish - Persian. ed 1. Nature Publishing House, Tehran. Iran.

Rasool, Baba Rasool Noori. (2012). *Composition the number in Kurdish*, Haji Hashim Press. Erbil. Iraq.

Saeed, Sazan Zaher. (2013). *The morphemes and scales of the morphemes and nasals in the construction of new words*. Erbil. Iraq.
Shaykh Tayyib, Shahab. (2014). *About language*, publishing and publishing. Erbil. Iraq.
Shwani, Rafiq. (2001). *A few Kurdish language and grammar topics.* ed 1. Mukriyan Publishing House. Erbil. Iraq.
Shwani, Rafiq. (2011). *Kurdish language vocabulary*. Eastern Press. Erbil. Iraq.
Wafi, Ali Abdul Wahid. (1973). Linguistics. *Egypt Renaissance House for Printing and Publishing.* ed 17. Cairo. Egypt.
Wahhabi, Tawfiq. (1958). *"The name of Kirkuk."* Shafaq Magazine: 3(1).
Wahhabi, Tawfiq. (1985). The origin of the name Kirkuk. Al-Kitab Magazine: 1(1).

**Abut the authors**

**Professor Shahab Tayib Taher (Ph.D.)**

He was born in Kirkuk 2-4. Complete primary education and vocational training and teacher training contract (part-time) in Kirkuk. The bachelor's, master's and doctoral degrees at the University of Baghdad / Ibn Rushid Education College are not available.

The name of the science (professor) is 3-1-. It is located in the universities of Baghdad, Baghdad, Kermanshah, Kirkuk, Najaf and Baghdad.

The House has written six books and a number of scientific essays and has highlighted the importance of a scientific conference on interpreting and interpreting science.

Teacher's teacher is educated in college / Kurdish department / Open University.

Email: shahab@uor.edu.krd

**Asst. Instructor Faisal Ghazi Muhammed (MA.)**

He was born in Baghdad in 1985. He holds a bachelor's degree from Baghdad University / Ibn Rushid College and a master's degree from the University of Baghdad..

Email: faisal.ghazi@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

# التعدد الوظيفي للمورفيمات في اللغة الكردية
# مورفيم (له) انموذجا

**أ.د. شهاب طيب طاهر**
جامعة ڕاپەڕین- كلية التربية - قسم اللغة الكردية
**م.م. فيصل غازي محمد**
جامعة بغداد- كلية التربية ابن رشد - قسم اللغة الكردية

**المستخلص**
في اللغة الكردية هناك الكثير من المورفيمات التي له وظائف مختلفة في النواحي الصرفية والنحوية والدلالية، وهذه الظاهرة تسمى بالتعدد الوظيفي في اللغة.

هذا البحث يدرس التعدد الوظيفي لاحد المورفيمات في اللغة الكردية، الذي هو مورفيم (له) والذي لم يتم البحث عنه بدراسة مستقلة، لبيان وتحديد وظائفه اللغوية في الجوانب المذكورة. هناك دراسات لغوية باللغة الكردية ذكر فيها هذا المورفيم، الى انه لم يخصص له بحث مستقل، وانما تطرقوا اليه على هامش ذكرهم في زاوية معينة لبحوثاتهم، او في زاوية من زوايا المجلات والكتب التي الفوها لبحوث ذات صلة بذلك المورفيم.

مورفيم (له) من المورفيمات الذي له وظائف مختلفة في الكثير من الجوانب اللغوية، و هذا البحث محاولة علمية لتحديد وبيان الوظائف المختلفة لذلك المورفيم. لذا ارتاينا ان نقسم البحث الى فصلين:

**الفصل الاول:** خصص للجانب النظري للبحث ، وفيه خصص المبحث الاول لبعض جوانب علم الصرف (المورفولوجيا) و المبحث الثاني خصص للتطرق الى مفهوم التعدد الوظيفي (مفاهيمها، انواعها، خصائصها) و نبذة عن المورفيم والمورفولوجيا النظرية والعملية.

**الفصل الثاني:** هو الفصل العملي والتطبيقي لذلك المورفيم، حيث خصصنا المبحث الاول فيه الى تحديد وظائفها الصرفية، والمبحث الثاني خصص لوظائفها النحوية. وختمنا البحث بعدد من النتائج التي توصلنا اليها و قائمة بالمصادر التي تمت الاستفادة منها.

**الكلمات المفتاحية:** التعدد الوظيفي، المورفيم، مورفيمات اللغة الكردية، مورفيم*له*.